hewal_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٨٤٠) یەکشەممە ٢٠١٢/٩/٣
هاوڵاتی

موستەشارێکی تۆمەتبار لەکەیسی ئەنفال هەڕەشەی "خۆشکردنەوەی" مەیدانی شەڕی ناوخۆ دەکات

عەباس بایز ئاغا: بەقورئان وازم لێنەهێنن چ بزانم بڵاویدەکەمەوە

عەباس بایز: ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٨٨ لەئێران لەگەڵ نەوشیروان مستەفاو مەسعود بارزانیدا گیراوە شاهیدی ئەوەیە کاتی ئەنفال لەکوردستان نەبووم

موستەشارێکی تۆمەتبار لەکەیسی ئەنفال، داوا دەکات دەست لەموستەشارەکان هەڵبگیرێتو هەموولایەن وەکو برا پێکەوەبن، دەڵێت "ئەگەر وازم لێنەهێنن بەقورئان منیش ناچارم چ بزانم وەکو خۆی بڵاویدەکەمەوە".

عەباس بایز باڵو ئاغا یەکێکە لەموستەشارەکانی پێشووی رژێمی روخاوی بەعس لەعێراق، لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ **هاوڵاتی** ئاماژە بەوەدەدات کە ئەو لەسەردەمی بەعسو لەئێستاشدا خزمەتکاری خەڵک بووە، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە ئەگەر هێرشی راگەیاندن دژی بەردەوامبێت ئەوا "جارێکی تر مەیدانی شەڕی ناوخۆ خۆشدەکەینەوە دوژمنانی کورد بەخۆمان خۆشدەکەینەوە".

ناوبراو بەتۆمەتی بەشداریکردن لەشاڵاوی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە لەعێراق داواکراوەو فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام ئێستا لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێیەو خۆی بەبێتاوان دەزانێت.

ئەو موستەشارە باسی لەوێنەیەکی خۆی دەکات لەگەڵ هەریەک لەنەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، وتی "ئەو وێنەیە ساڵی ١٩٨٨ گیراوە، وێنەکە شاهیدی ئەوەیە لەوکاتەدا (بەرواری بەڕێوەچوونی شاڵاوەکانی ئەنفال) من لەگەڵ ئەواندا بووم لەئێران".

عەباس بایز باڵو ئاغا ئەو هەڵمەتانە بە "خەرەزی شەخسی" دەزانێت کە بەرانبەر موستەشارە تۆمەتبارەکان ماوەی چەند ساڵێکە بەمەبەستی دەستگیرکردنیان دەستپێکردووە، دەڵێت "تەکلیف دەکەم ئەو خەرەزە شەخسییە ئەمێنێتو واز لەموستەشارەکان بهێنن با هەموومان برای یەکتری بین". هەمان داواکاری دووپاتکردەوەو جەختیکردەوە "باوازبهێنن ئەگەر وازم لێنەهێنن بەقورئان منیش ناچارم چ بزانم وەکو خۆی بڵاویدەکەمەوە".

دووشەممەی رابردوو ٢٨ی ئەم مانگە، روفاتی (٧٢٠) ئەنفالکراوی کوردی قادرکەرەمو ناوچەکانی دەوروبەری هێنرانەوە کوردستان کە لەبیابانی مەعاری پارێزگای دیوانیە دۆزرابوونەوە، ئەوەش جارێکی داواکاری کەسوکاری ئەنفالەکانی بۆ رادەستکردنەوەی موستەشارەکان نوێکردەوە.

عەباس بایز ئاغا دەستخۆشی لەهێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکانی کوردستان دەکات بۆ زێدی خۆیان، وتی "بەڵام من ناچارم ئەم قسەیە دەکەم، ئەوانەی لەشەڕی ناوخۆدا بەدیلیان گرتوونو لەبەینی خۆیاندا ونیان کردوون بۆچی ئێسکو پروسکی ئەوانە ناخەنەڕوو، یەخەڵکی کوردستانیش بڵێن ئەمە ئێسکو پروسکی دیلەکانی شەڕی ناوخۆن".

باسی لەوەشکرد کە لەسەر پرۆسەی ئەنفالو لەناو هەموو موستەشارەکانی کوردستان، تەنیا کەس بووە ڕەخنەی لەعەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی) گرتووەو بەوهۆیەشەوە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دراوە، بەڵام دواتر "خوا بیپارێزێت لەرێگەی سوڵتان هاشم-ەوە ئازادکرامو دواتر بووم بەپێشمەرگە".

موستەشارەکان لەساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لێبوردنیان بۆ دەرکراو تائێستاش بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ دەستگیرکردنی ٢٥٨ سەرۆک جاشو موستەشاری تۆمەتبار لەئەنفال جێبەجێنەکراوە.

بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمیش روونیدەکەنەوە کە ئەو بڕیارە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەوکاتەوە دەرکراوەو لەئێستاشدا بارودۆخەکە گۆڕاوەو بۆسیەکە بوعدی قانونی وەرگرتووە.

بەشێک لەو موستەشارانەی لەلایەن دادگاوە داواکراون، لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانیو پشتگیری بەرپرسانی هەرێم بەقازانجی کەیسەکانیان لێکدەدەنەوە.

عەباس بایز ئاغا دەڵێت "کاتی خۆی لەسەردەمی شاخدا کاک مەسعود لەدوای ناردمو پێیوتم هاتووی بەخێربێیت تۆ کوڕی مەلا مستەفای هەرکاتێکی تر گەڕاینەوە بۆ کوردستان کە دوو کورسیمان هەبێت یەکێکیان بۆ تۆیە، ئێستاش من چاوم لەکورسی نییەو بێدەنگ لەماڵی خۆم دانیشتووم خزمەت دەکەمو خزمەتیشم کردووە".

هەروەها بەپێویستی زانی هەموو کوردێک بزانێت کە ئەو لەسەردەمی بەعسو لەئێستاشدا خزمەتکاری خەڵک بووە ئەوەش لە"مەلەفی مندا" ڕەنگیداوەتەوە. ئەو وتی "ئەوەی زوڵمم لێبکات ناچاردەبم جوابی بدەمەوە، بۆیە ئەگەر ئەو هێرشەی ڕاگەیاندنەش بەردەوام بێت بۆ سەر ئێمە ئەوە جارێکی تر مەیدانی شەڕی ناوخۆ خۆشدەکەینەوە دوژمنانی کورد بەخۆمان خۆشدەکەینەوە، بۆیە تەکلیف دەکەم ئەو لایەنانەی موشکیلەو مەشاغەیە دروستدەکەن واز لەمنو لەخەڵکی تریش بهێنن".

ئاغا ڕێزی خۆی بۆ نەوشیروان مستەفاو مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی دەنێرێتو داوایان لێدەکات کۆتایی بە"قسەو قسەلۆکەکان بهێنن، ئەگینا سبەینێ میللەت ڕادەپەڕێو داوای ئێسکو پروسکی شەڕی ناوخۆ لەحزبەکان دەکاتەوە".

هاوکات لەگەڵ داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا بەرانبەر موستەشارەکان، هەڵمەتی ڕێکخراوەکانیش لەرێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ فشاردروستکردن لەسەر بەئاکام گەیشتنی ئەو داواکارییانە بەردەوامی هەیە.

لەبەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا، عەباس بایز باڵو ئاغا ڕەخنە لەنەوشیروان مستەفاو گۆڕانو ڕاگەیاندنەکانی دەگرێتو پێیوایە کە "ئەکە کەسم بەردەوام دەکەومە بەرشاڵاوی کەناڵی کەی ئێن ئێن".

ئەو موستەشارە باسی لەوەکرد کە چەندجارێک لەرێگەی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەوە وێنەو ڤیدیۆی ئەو لەگەڵ عەلی کیمیایی نیشاندراوەو "دەیانەوێت لەو رێگەیەوە هەستی خەڵک بجوڵێنن بەرانبەر موستەشارەکان".

عەباس بایز ئاغا لەپاڵ ڕەخنەکانی بەرانبەر بەڕاگەیاندنەکانی گۆڕان ئاماژە بەپەیوەندییەکانی رابردووی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دەکاتو وەکو شایەتحاڵ لەبێتاوانی خۆی نیشانیدانی دەدات، وتی "کاک نەوشیروان وردترین زانیاری لایە سەبارەت بەمن لەوکاتەی رۆیشتم بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، ئەو یەکەم کەس بوو من بەلایدا رۆیشتمو پێشوازی لێکردم".

لەو روانگەیەشەوە داواکارە بەنەوشیروان مستەفا پێداچوونەوە بەڕاگەیاندنەکانی بکاتو کەناڵی knn داوای لێبوردنی لێبکەن.

عەباس بایز ئاغا، وتی "خۆشحاڵم بەوەی وێنەی من نیشاندەدەن وێنەی یەکێکی تر نییە کە نەخۆشی دڵی هەبێت بۆی هەبە دڵی بوەستێ، بەڵام من بەخەیاڵمدا نایەت، قەسەم بەخوا من ئێستاش خۆم بەرەفیقی ئەو کەسانە دەزانم کە لەسەرکردایەتی کوردان".